# بۆ نیشتیمان

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

-١-

جیاوازی نێوانی ئێرەو
هەندەران دەزانی؟!
لێرە مرۆڤ دەدرێ لەخاچ.
بەلاَم، لەوێ...
بەبزەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی ماچ.
لێرە حیزب بالاَدەستەو
لەوێ دەولەت.
لێرە ئەگەر مەسئولێك لەپشتت نەبێ
مرۆڤێکی ئێجگار نەگبەت.
ئیدی بۆچی پێمان دەلێن:سەفەرمەکەن؟!
بۆچی دەلێن:نیشتمانتان بەهەشتێکی بێوێنەیە؟!
کارمامزێ لێرە ناژی
ئەوەی هەیە...دڕندەیە.
٢٠٠٣/٩/٦

-٢-

کە منالَ بووم،
باوکم دەیگوت (نیشتمانتان لەجێی منە) .
ئەوتان هەبێ منیشتان هەم.
کەچی ئێستا پیتەکانی (نون و یاء و شین و تاء و میم و ئەلف)
لای ئەو ونە.
نەك هەر لای ئەو
لای هەموو کەس (نیشتمان) ناوێکی ژنە.

سلێمانی
٢٠٠٣/١/٢٥

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەلَ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاَویدەکەینەوە..... لەگەلَ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥